# خانمی ئاو

شێرکۆ بێکەس

لەوێدا..
چون تراویلکەیەك کە شێوەی
کۆترێکی لە تەوێڵی پاییزدا نەخشاندبێ
دێتو ئەچێ!.
خەون زەمانێتیو، خەون گەردوونی
بۆیە فرە چاوەو فرە باڵەو
لە ڕابوردوەوە بۆ ئێستەو
لە هەنووکەوە، بۆ ئاییندە، هەڵئەفڕێ!.
دێتو ئەچێ
شێوەی زیوینو خۆڵەمێشیی خۆی ئەگۆڕێ!.
لە کۆترەوە ئەبێ بە پەپوولەی دوودڵو
لە پەپوولەیشەوە ئەبێ بە کلووی بەفری سەفەرێ..
لەوێدا..
بە ڕایەڵی تیشکێکی لەرزۆکدا
ڕۆحی خۆی هەڵئەواسێو
جۆلانەیەکە لە مەراقو لە پلێپلەی یادو
دێتو ئەچێو هەموو جارێ
خۆی لە ڕەنگێکی تازەوە ئەپێچێ:
خولیایەکی شین..
یان ئاوازێکی سپی سەرگەردان..
خۆی لە پێکەنینی ئاوێکی ڕەشپۆشو
خۆی لە ئێوارەی منەوە ئەپێچێ.
لەوێدا
خۆی بە ڕەنگی بێڕەنگی شیعردا هەڵواسیوە
شیعرێ بێپێناسە، بێ نیشتمان، بێ ماڵ
شیعرێ کە هەر: لە نادیارو، لە ونبوونو،

لە بێکەسیی خودا ئەچێ!.

هەمیشە بەرامبەرمە
"ئەو" خانمێك بوو یەکەمجار
ئاو بە منی ناساندو لە ئێوارەی ئاودا
بەلەمێکمان لە شەپۆل چێکردو
بە درێژایی زەردەخەنەی لمی کەنار
چیرۆکێکمان بەو زمانە بۆ زەریا ئەگێڕایەوە
کە زمانی "با"و زمانی گەڵای وەریوو
زمانی باڵندە نەفیکراوەکان بوو!.

هەمیشە بەرامبەرمە
نازانم چاوم ئەوە؟! یان ئەو چاومە؟!
هەمیشە بەرامبەرمە:
گۆرانییەکی غەمگینەو بەپێوە ڕاوەستاوە.
سەمایەکی شینباوە بە ژێرکراسی بەفرەوە.
تابلۆیەکی کەڵەگەت لە زەردەی قەسیدە.
پرچێ لە باران
جووتێ گوارە لە شەختەی کازیوەو
ملوانکەیەك لە دەنکە ئەسرینی یەزدانو
جێژوانێ لە دابڕان!
هەمیشە.. لە ژوورەکەمدایە.. هەمیشە
پرسیارێکە بازنەیی
سۆراخێکە شاقوولیو
خەمێکە ئاسۆییو دێتو ئەچێ..
زۆر زۆر نزیکەو، زۆر زۆریش دوور!

من بە دیار نادیارەوە دانیشتووم.

من له خۆرنشیندامو چاوەڕوانی بەیانیم.
هەمیشه وا له سەر چرپاکەمەو
بەڵام دەستم نایگاتیّ!
هەمیشه وا له باخەڵماو
بەڵام لێوم نایگاتیّ!
هەمیشه بزرەو هەمیشه دیار، من له نێوان
بزربوونو ئامادەبوونی عەشقدا، هەڵمێکم سەراپاگیری
کیشوەری بێدەنگیی. خانمی ئاو، ماسییەکی سپیه
له خەوماو له بێداریشدا تەونیّ له غوبار. خانمی
ئاو تێنوێتیم پیّ ئەنووسێتەوەو له وشکانیدا کردوومی
به پایزی حەسرەتو به گژوگیای لارەملی لەخۆ
بێزار. هەمیشه بەرامبەرمە. سێبەری ئازارمە.
سێبەری قەڵەمو سێبەری خەیاڵو ورێنەی
دەفتەرو پەنجەرەی ماڵ. هەمیشه لێرەیەو
لێرەیش نییەو من گەڵارێزانو ئەویش (با)ی
بەفرو، من کەشتیەکی شکاوو ئەویش هەمیشه ڕووبار.

خانمی ئاو.. بەردەوام
لەو سەری یادگارەوە دەرئەکەویّو
دێتو ئەچیّو
ڕەوینەوەی نییه عەشقیو
جاریّ تەمەو جاریّ هەتاوو جاریّ باران.
هەمیشه بزرەو هەمیشەیش دیار.

سلەیمانی
ئەیلولی - 2007